کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 22:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وه‌ره‌ ساقی ... شه‌ماڵ جاف

Shamal_love_1980@yahoo. com



ساقی وەرە لام بزانە چیم دەوی
دڵ بریندارەو پیاڵەك مەی دەوی

ئەم شەو خەفەت لە دەرگای دڵی دام
نە خۆشی تیا ما! نە تۆزی ئارام

بە زڕەی پیاڵەت مێشکم کاس بکە
ئەمشەو سەر گەرمی شەڕابم بکە

دەخیلتم دەخیل توخوا ساقی گیان
ئەمشەو لە لای تۆمن دەبمە میوان

لە جام بۆم بێنە، نەك لە پیاڵ مەی
تێر بخۆمەوە دڵ بلی ئۆخەی

با مەیخانەکەت مەسکەنی من بی!
بۆ خەمی دڵم، خەم ڕەوێنم بی

دڵ مەیلی شەڕابی دەستی تۆیە
بۆیە دڵی من هەر لە لای تۆیە

بۆ گەنجی پیر ئەمڕۆ مەی دەرمانە
سارێژ دەکا زامی ئەم زەمانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.